# گەمەی "سەندیكا" و ئیمزای بەرزانی



كاروان نەجمەدین

karwanmj@yahoo.com

بەرلەوەی یاساكە بچێتەبەردەمی و چاوێكی پێدا بخشێنێت سەرۆكی هەرێم گفتی داوە بە "سەندیكای ڕۆژنامەنووسان " ئیمزا لەسەر ئەو یاسایەنەكات كە سەندیكا ئامادەی كردوو پەرلەمان لەڕیزی پێشەوەیاندا فراكسیۆنی حیزبەكەی بارزانی بەگوڕو و حەماسەوە دەنگیان پێدا .

من لێرەدا ناچمە سەر باسی ناوەڕۆكی یاساكە چونكە زۆر دەمێكە بەرەی ئازادیخوازی كوردستان لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە ناوەڕۆكی ئەو یاسایەیان ڕونكردۆتەوە كە تا چەند سەركوتی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەكات و بەقازانجی بیری تایەفەگەرییە ، وە ڕاشمان گەیاند بە چەند پرۆسەدا تێدەپەڕێت و لەكۆتایدا ئەچێتە لای كامە سەرۆك .

لەسەرەتادا ئەوە ڕۆشنە كە سەردانی وەفدی "سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان " بۆلای مەسعودبارزانی درێژەی هەمان پرۆسەیە كە سەندیكای خستەكار بۆ نوسینەوەی پڕۆژەیاسایەك بۆ خنكاندنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری ، چونكە سەندیكا پێی وایە پەڕلەمان هەوڵەكانی خێراتر كردۆتەوە بۆ لەسێدارەدانی ئازادی و ئازادیش خێرا ناخنكێت بۆیە لە سەرۆكی هەرێم داوادەكەن هاوكاریانبێت لە هێور هێور كوشتنی ئازادی.

پرسیارێك كە دێتە پێشەوە ئەوەیە "سەرۆك" كوێڕا بەڵێنی داوە ئەو یاسایەی پەڕلەمان دەنگی پێداوە ئەو ئیمزای ناكات ؟. خۆ "سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم" دەڵێت هێشتا یاساكە نەگەیشتوە بە ئێمە ، كەواتە هێشتا "سەرۆك" نەیبینیوە ، بەڵام گفتی بە سەندیكا داوە كە یاسایەك ئیمزا ناكات "سەندیكای ڕۆژنامەنووسان" ئامادەی كردووە و پەڕلەمانەكەی خۆی دەنگیان پێداوە. بە سەرنجدان لەم خاڵە ئەوە ڕۆشن دەبینین كە ئیمزانەكردنی سەرۆكی هەرێم لە خەمخۆریەوە نیە بۆ ئازادی یان گوێگرتن بۆ نارەزایەتیەكانی خەڵك ، بەڵكو ڕازیكردنی دڵی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانە بەو داوا ساویلكانەی كە هەیانە (گێڕانەوەی یاساكە بۆناو پەڕلەمان ) ، چونكە مەسعود بەرزانی دڵنیایە لەوەی ئەگەر لەئێیستاشدا ئیمزا نەكات و بگەڕێتەوە بۆناو پەڕلەمان هیچ گۆڕانكاریەك بە قازانجی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە یاساكەدا ناكرێت، بەرزانی دڵنیایە لەوەی كێ لە پەڕلەمانە ، بێئاگانیە لەوەی كە پەڕلەمان ئەو قەیدوبەندانەی بەكەم زانی كە "سەندیكا " لە

پڕۆژەیاساکەیدا بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسانی داناوە ، بۆیە "سەرۆك" دەتوانێت دڵی "سەندیکا"یەك ڕابگرێت کە یاسای دڵخوازی خۆی بۆ سەرکوتی ئازادی و پارێزەری بیری خێڵەکی ئامادەدەکات و هیچیش لە سەرکوتی ئازادی ڕۆژنامەنووسی پاشەکشە نەکات. گریمان "سەرۆك" ئیمزای یاساکە ناکات و دەچێتەوە ناو هۆڵی ئەوپەرلەمانەی کە سزای لەسێدارەدانی ناو پرۆژەیاساکەی سەندیکای گۆڕی بە زینەبەچاڵکردن ، جاری دووەم بەهەندێك چەکوشکاریەوە خۆ ئەگە ئیزافەی خەتەرتری بۆنەکەن ، یان لەباشترین حاڵەتدا یاساکە دەگێڕنەوە دۆخی پرۆژەکەی سەندیکا ، سەرەنجام دەچێتەوە بەردەم سەرۆکی هەرێم و ئیجباریە دەبێت ئیمزای حوکمی لەسێدارەدانی ئازادی بکات ، ئەمەش " سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم" بەرەسمی ڕایگەیاند .
کەواتە ئومێد بە ئیمزاکەی مسعود بەرزانی لەلایەن ئەورۆژنامەنووسانەی هانا بۆ دەرگای "سەرۆك" دەبەن چاوەڕوانیە بەدیار حوکمێکەوە کە هەردەبێت جێبەجێ بکرێت بەڵام ئەمرۆ و سبەی کەوتوە ، لە هەمانکاتدا خۆشخەیالییە بەو سەرە گێژەیەی کە سەندیکا و سەرۆکی هەرێم بە خەڵکی کوردستانی دەکەن. تەواوی ئەو یاسا و ستانداردەی کە ڕێگە بە بەرزانی دەدات جارێك شەرعیەت بە سەندیکابدات و ئەستۆپاکی خۆی بسەلمێنێت و یاساکە ئیمزانەکات و جاری دووهەم دەنگی پەرلەمان ڕەتنەکاتەوە ، هەمان پەرلەمان دایڕشتوە کە حیزبەکەی سەرۆك وەك دەزگای پارێزگاری لەخۆیان لەبەرانبەر خەڵکدا سازی داوە و بەرهەمەکانیشیان بێجگە لە پارێزگاری لە دەسەلاَت و حکوەتەکەی خۆیان و سەرکوتی ئازادییەکانی خەڵك شتێکی دیکە نەبوە، نێوترین بەرهەیشیان ئەو یاسا دژی ئازادیەیە.
بۆیە ئەوە کۆبونەوەی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانە لەدەوری داواکانی خۆیان کە ئازادی ڕۆژنامەنووسی بەرهەم دەهێنێن نەك چاوەڕوانی بەدیار گەمەی "سەندیکا" و ئیمزای سەرۆکەوە .

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.